لە تەمدا دیار نیم

دلاوەر قەرەداغی
(سلێمانی)

ئەمە ماڵەکەمە
ئەوەش منم کە یاری دەکەم و
لە تەمدا دیار نیم
ئەو دەرگەیەش کە تا سەرئەژنۆ
لە هەتاودا نوقمە،
دەرگەی باخەکەمە
گەر لە دەرزی پەنجەرەکەی بەرانبەرەوە بنۆڕیت
دەبینیت میوانێکی نیگەران
ئێواران بە زەمیلەیەک بارانەوە
لێیەوە خۆی بە ماڵدا دەکا

ئەو ژنەی کە لە چیمەنەکەدا دانیشتووە و
دەستی ڕووە و ئاسمان هەڵبڕیوە و
دەسماڵی ئیمان بە ئاوریشمی دوعا دەچنێ،
نەنکمە!
نەنکم خاوەن پێوەندییەکی تەنک و ڕوونە
ڕوونتر لە ئاوێنە
تەنکتر لە باڵی پەپوولە
غەمگینتر لە گوڵی سەر بەرماڵ
لەگەڵ خودا

ئەم کۆترانە
کە ئاوها وەسواس هەڵنیشتوون و
دارمێوێک سێبەر کەوتووە بەسەریاندا،
کچانی گەڕەکن
ئەو بەرسیلانەش کە بە مێوەکەوەن
چەند بۆڵێک نهێنین و
هەتاو چاوەڕێیە کاتێ دەبنە ترێ
بە زوبانێکی ڕووناک تەفسیریان کا

ئەمانە کچە غەمگینەکانمن
کە لە هەیوان و ڕاڕەو و ژوورەکاندا
یەکێک بەدوای لەچکەکەی
ئەوی دی بەدوای گوارەکەی
ئەمیشیان بەدوای خەونێکی ونبوودا دەگەڕێ
کە بە نیازە ڕۆژێک لە ڕۆژان بیدۆزێتەوە و پاشان
لەگەڵ خۆیدا بۆ شارێکی دووری ببا

ئەو مناڵە باریک و بنێسانەی کە

لەو بەلەمانەدا دەیانبینیت گۆرانی دەڵێن،
هاوڕێمن
بە گوێرەی حەکایەتێکی دێرین
ئێوارەیەکیان لەپڕ گەورە دەبن
پاشان هەندێکیان لە شەڕەکاندا دەکوژرێن و
ئەوانی تریش کەس نازانێ
بۆ کوێ دەچن

ئەمەش دوکانەکەی حاجی موورادی قەرسیلە
کە منداڵیی ئێمەی ڕەفە بە ڕەفە
لەو پاکەت و قوتووانەدا ئەرشیف کرد
کە پڕ بوو لە نوقڵی مینۆ و لە پسکیتی زەرد و
لە خەیاڵی ترش و شیرین
ئێوارەیەک لەو تەلەفزیۆنە بچووکانەدا کە لە حەجەوە
بە دیاری بۆ هەر یەکەمانی هێنایەوە
بۆنی زوهد و بۆنی بەردی ڕەش و
بۆنی ڕێگە دوورەکانمان هەڵمژت
ئینجا وردە وردە خەونی ناخۆشمان بە نیشتمانەوە
بینی و
خووی شەڕمان
بە سەفەرەوە گرت

ئەمە هێلانەی کۆترەکانمە لەسەربان
جار جار کە بە غەمگینی دەمبینن
ئیدی دەزانن هەبێ و نەبێ، یان دڵێک شکاوە
یاخود دڵی شووشەیەک عەتری منداڵ شکاوە
ئینجا گورزێک چکلێتەنامە دەنێنە دەستمەوە
یەکێکیان بە دەمێکی پڕ لە گەنمە نوقڵەوە
دەڵێ: ئوستاز...
خەراپ نییە پیاسەیەک
وا دەڵێ و... پاشان گەمەگم پەلم دەگرن و
بەو ئاسمانانەدا لەگەڵ خۆیان دەمبەن

ئەم پیاوە باوکمە کە بەیانییەک زوو
بە زەردەخەنەیەکی غەریبەوە جێبەکەی دەخاتە ئیش
سیغارێک دادەگیرسێنێ
توند پێ بە بەنزیندا دەنێ
وەک با باڵ دەگرێ و
وەک مەلێکی غەمگینیش
لەنێو دووکەڵی تەنگی سیغارەکەیدا
دەڕۆیتەوە و بزر دەبێ

نازەنین زۆپاکە دەکوژێنێتەوە
چراکە کز دەکا
لێفەکە بە خۆمدا دەدەم
خەریکە خەون بە دەستە بۆنخۆشەکانی نازەنینەوە
دەبینم
کە لەناکاوێکڕا لە دەرگە دەدرێ
پەلە پەل دەکەومە خۆ
بۆ سۆڵەکانم دەگەڕێم و
نایدۆزمەوە
بەرزتر لە دەرگە دەدرێ
بەپێی پەتی ڕادەکەم
تا بچم
دەرگەکە لە کەسێک بکەمەوە
کە دڵنیام کێیە و
لە ئێوارەوە دڵم خەبەریدا بوو
کە دێ

ئەوە دیوی دەرەوەی ماڵەکەم بوو
گەرچی لەبەر یاریی
لە تەمدا دیار نیم
بەڵام ئازادم... وەک حەکایەت
ئەم شوێنە سنووری منە لە ئێوارەوە تا ئەستێرە
ئەم کۆڵانە بازنەی جووڵانی منە لە جوغزی خەیاڵدا
بۆ یاریی
بۆ هەڵهێنانی مەتەڵ... لەبن توترکی حەکایەتە
شیلاوییەکان
بۆ تەماشاکردنی باخچەیەک
لە ماڵی تۆ
بۆ هەڵگرتنەوەی لە تێک گۆزە
لە شکانی دڵی تۆ

لە تەلەفزیۆنە بچکۆلەکەی حەجدا
هاوڕێکانم دەبینم
شەکەت.. نائومێد... پەژێوان
بەو بەفرەدا
بە سوار ئەسپی سپییەوە لە سەفەری شارە دوورەکان
دێنەوە
بەفر لەوان و لە ئەسپی سپی غەمگینتر
ئەوان لە بەفر و لە ئەسپی سپی شەکەتتر
من لەوان و لە ئەسپی سپی و لە بەفر سەرمابردەڵەتر
دوور بە دوور دوایان دەکەوم
ئاوڕ دەدەمەوە
لە دوورەوە خۆم لە ناویاندا دەبینم و
ئیدی دڵنیا دەبم
کە بۆچی ئەوەندە منداڵانە
لەبەر یاریی
لە تەمدا... دیار نیم!

سلێمانی – نازاری/ ٢٠١١